# ئاکامی هەڵبژاردنەکانی فەرانسە و چەند قسەیێک

بەختیار





ئێوارەی رۆژی یەك شەممە ١٦ی بانەمەڕ ئاکامی دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری فەرانسە دەرکەوت و تیایدا نیکولای سارکوزی نوێنەری جولانەوەی یەکێتی خەڵکی فەرانسە بە وەدەست هێنانی ٥٣ لە سەدی دەنگەکان بە سەر سوگلن رویاڵ نەیارەکەی و نوێنەری سوسیالیستەکان کە ٤٧ لە سەدی وەدەست هێنا، سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

لێدوان و نووسین لە سەر هەڵبژاردنەکانی فەرانسە پێویستە، چونکە کێشەکان لە جیهان دا بە گشتی و وەزعی سیاسی لە وەڵاتان و ئاڵۆزیەکان و دامەزراویەکان، راستە و خۆ و ناراستە و خۆ، کاریگەری لە سەر تێکڕای ناوچەکان لە جیهان دا هەیە.

هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە فەرانسە و ئاکامەکەی نە تەنیا لە سەر وەزعی ناوخۆی فەرانسە کاریگەری دەبێ و ئاڵ گۆڕی بنەڕەتی لە هەڵویست و کاری دەوڵەتی داهاتووی فەرانسە لە چاو ڕابردوو، دێتە ئاراوە، بەڵکوو لە پێوەند بە رووداوە دەرەکیەکانیش ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە سیاسەتی فەرانسەدا پەیدا دەبێ. ئەو گۆرانە کە قەرارە لە سیاسەتی داهاتووی فەرانسە دا بێتە دیی لە کاتی پروپاگەندەکان بۆ هەڵبژاردن لەلایەن نیکولاسارکوزیەوە راگەیندرا و لە دوای دەرکەوتنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش، نیکۆلای سارکوزی لە ووتاری یەکەمیدا بە بۆنەی هەڵبژاردنی، بەشێك لە سیاسەتە خارجیەکانی ئاشکرا کرد و رایگەیاند ( خەڵکی ئەمریکا ) پشت بە دۆستی و نزیکی فەرانسە ببەستێ و هەر کاتێك خەڵکی ئەمریکا پێویستیان بە هاوکاری خەڵکی فەرانسە بوو، خەڵکی فەرانسە هاوکاریانەو لەگەڵیانن. ئەو لێدوانانەی سەرۆك کۆماری نوێی فەرانسە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ هەڵوێست و بۆچوونەکانی ژاك شیراك سەرۆك کۆماری پێشوو لە بەرانبەر رووداوە سیاسیەکان بە تایبەت لە پێوەند بە ئەمریکا کە هەر دوك ئەندامی حیزبی یەکێتی بۆ جولانەوەی جەماوەرین.

ژاك شیراك سەرۆك کۆماری پێشووی فەرانسە لە سەرتای دەست بە کار بوونیەوە هەوڵی دا بە رووبەروو بوونەوە لە بەرانبەر ئەمریکا و سیاسەتەکانی جێگە و شوێنی فەرانسە لە ئوروپادا و لە جیهاندا جیاکاتەوە و فەرانسە وەك هێزێك لە بەرانبەر ئەمریکا و سیاسەتەکانی راوەستێ، هەر لەو پێوەندیەدا ژاك شیراك لە سەرتای هاتنە سەر کاریەوە دەستووری دا تاقی کردنەوە ئەتۆمیەکانی فەرانسە دەست پێ بکا و تەنانەت چەند بۆمبی ئەتۆمی لە دەورانی سەرۆك کۆماری ژاك شیراك دا تاقی کرانەوە.

بە پێی لێدوانەکانی سارکۆزی، فەرانسە و دەوڵەتەکەی لە دەورانی دەسەڵاتدرای ئەودا هاوکاری و یارمەتی ئەمریکا دەکا و رەنگە لە کێشە جیهانیەکانیش دا فەرانسە دەخالەتی زیاتر بکا و تەنانەت هێزی نیزامیش بۆ وەڵاتان بنێرێ و لە جەنگی دژە ترۆردا هەڵسوراوانەتر لە ڕابردوو دەرکەوێ.

جیاوازیەکان لە نێوان دوو نەیارە پاڵێوراوەکەی سەرۆك کۆماری فەرانسە، سارکۆزی و رویاڵ، لە بەرنامە و سیاسەتی خارجی و ناوخۆیی دا دەبیندرا، سارکۆزی دژ بە هاتنی ئاوارە و موهاجرەکانە و بە پێچەوانەوە رۆیاڵ خۆی بە نوێنەری چینی هەژار و پەنابەران و کەم داهاتەکان دەزانی و ژمارەیێکی بەرچاوی ئافرەتان دەنگیان پێ دا، و چینی ئاوارە و غەیرە فەرانسیەکان پشتیوانی بوون. تەنیا نزیکی و لێك چوونێك لە بیر و بۆچوونی هەر دووك لا کە دیار بوو، شێوەی هەڵسوکەوت کردن لە بەرانبەر سەرە رۆییەکانی رژێمی ئاخوندی ئێرانە، هەر دوو پاڵێوراو خوازیاری هەڵوێستی توند لە بەرانبەر رژێمی ئێراندا بوون بۆ ئەوەی دەستی بە چەکی ئەتۆمی رانەگا.

هەر چەندە سوگلون رۆیاڵ دۆڕاوی هەڵبژاردنەکان بوو، بەڵام دەنگی ٤٧ لە سەدی دەنگدەرانی فەرانسە بە ناوبراو نیشانەی ئەوەیە کە سوسیالیستەکان لە دەوری داهاتووی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانن هومێدوارانەتر بێنە مەیدان و ئەگەر سارکۆزی نەتوانێ بەڵێنەکانی جێ بە جێ بکا و ڕای گشتی فەرانسە رازی نەکا ئەوە شانسی سوسیالیستەکان بۆ سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنی داهاتوو زیاتر دەبێ.

بێ گومان دەبێ چاوەڕێ بین، بزانین لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا دەوڵەتی نوێی فەرانسە دەست بە کار بێ و سیاسەت و هەڵوێستی بە کردەوەی لە بەرانبەر رووداوەکاندا ئاشکرا بێ و بزانین بەڵێنەکانی کە بە خەڵکی داون چەندە و چۆنیان جێ بە جێ دەکا. بەتایبەت دەوڵەتی نوێ دەبێ هەوڵ بدا، ئەو ناوچانەی لە فەرانسە لە باری پێ ڕاگەیشتن و بژێوی و کار لە باقی ناوچەکانی دیکە لە دواترن، بەرەو پێش بەری و نارەزایەتیەکان کەم بکاتەوە.

ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە نیکۆلاسارکۆزی بە پێچەوانەی دەوڵەتی پێشوو و ژاك شیراك، سەرۆکی کۆماری پێشوو کە لە ووتوویژێك دا ڕایگەیاند بوو کە قەیدی چیە رژێمی ئێران خاوەنی بۆمبی ئەتۆم بێ، سارکۆزی بە بەردەوامی داوای کردوە کە نابێ ڕێگە بدرێ رژێمی ئێران درێژە بە سەرەڕۆییەکانی و رووبەروو بوونەوە لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانی بدا.

بەڵێ دەبێ چاوەڕوان بین و ببینین، ئایا ووتار و قسەکانی سارکۆزی لەگەڵ کردەوەکانی یەك دەگرنەوە.

هەر چی بێت هەڵبژاردن لە فەرانسە و ئاکامەکانی، گۆڕانێکی گرینگی سیاسی لە ئوروپا و لە جیهان دا دەبێ، و ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە سیاسەتی خارجی فەرانسە دێتە مەیدان کە کاریگەری لە سەر تەواوی ئوروپاش دەبێ و هاوکاریی و یەکگرتوویی جیهانی لە بەرانبەر رووداوەکان و کێشە جیهانیەکان لە ئەنجومەنی ئاسایش و وەڵاتە خاوەن دەسەڵاتەکان دێتە ئاراوە.

***

# دەرکردنی حوکمی زیندان بۆ ژنانی چالاك دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە لەسەرکوتگەرێیەکانی رژێم

بێهرۆز



بەدەرکردنی حوکمی سێ ساڵ زیندانی بۆ پەروینی ئەردەڵان ونووشین ئەحمەدی خۆراسانی، تا ئێستا ٥ ژن کە تێکۆشەرانی مەیدانی دیفاع لە مافی ژنانن زیندانیان بۆ برداوەتەوە. شوعبەی شەشی دادگای شۆرشی رژێم لە تاران رۆژی سێ شەممە ٤ی بانەمەربەدەرکردنی حوکمێك بۆ پەروینی ئەردەڵان ونووشین ئەحمەدی، هەرکامیانیان بەسێ ساڵ ونیو زیندان مەحکوم کرد. نەسرین ستودە، وەکیل مودافیعی ئەردەڵان وئەحمەدی بە هەواڵدەریەکانی گوت: بە پێی حوکمێك کەبەمن راگەیاندراوە. موەکلەکانم لە تاوانی دژایەتی رژێم و بەشداری لە کۆبونەوەی نایاسای، رزگاریان بووە. بەگوتەی خانم ستودە، شوعبەی شەشی دادگای شورشی رژێم ئەو دوکەسەی وەك تێکۆشەر و چالاك لە دیفاع لە مافی ئافرەتان لە ئێران حوکم داوە. ئەوە لەکاتێکدایە هیچ کارێکی نایاساییان نەکردوە و تەنیا لە چوارچێوەی یاسادا جوڵاونەتەوە. پەروینی ئەردەڵان و نووشین ئەحمدی لە دوای کۆبونەوەی ژنان لە مەیدانی حەوتی تیری تاران لە ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی رابردوو، بانگ کرانە دادگا و لە دوای لێکۆڵینەوە و ئازارو لێپێچینەوەیێکی زۆر بە زەمانەتی ٢٥ملیون تمەن ئازاد کران. وەکیلی ژمارەیێك لە تێکۆرەشەرانی مافی ژنان لە دژکردەوەدا بەرانبەرحوکمی نارەوای رژێم لە مەر ئەودوو هەڵسوراوە، گوتیان: جێگەی پرسیارە کەچۆن سەرەتایترین داوای ژنان دەبێ لەگەڵ مەسائلی ئەمنیەتی گرێ بدرێ. گرتن وبەرتەسك کردنەوەی کاری ژنان پەرەی سەندووە ولە ساڵی نوێدا چەند ژنی هەڵسوری دیکە رەوانەی زیندان کراون. یەکەمین حوکم، رۆژی چوارشەممە٢٢ی خاکەلێوەی دادگای شۆرشی رژێم لەلایەن شەعبەی ١٥ دادگای بە ناو شۆرشی رژێم بەرانبەر (ئازادەی فرقانی) دانشجوی دانشکەدەی علومی کۆمەڵایەتی زانستگای تاران بە تاوانی کۆبونەوەی ژنان لە مەیدانی حەوتی تیر، دەرکرا. رۆژی چوارشەممە٢٩ ی خاکەلێوە شوعبەی ٦ی دادگای شورشی رژێم سوسەنی طهماسبی لە هەڵسوراوانی مافی ژنانی بەتاوانی بەشداری کردن لەکۆبونەوەی نارەزایەتیدا لەبەرانبەر یاسای دژە ژنی رژێمی ئاخوندی لە٣٢ جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٥بە شەش مانگ زیندانی تعزیری و١٨ مانگ هەڵپەسێردراوی مەحکوم کرد. محمدعلی داد خواە وەکیلی خانم طهماسبی هەرئەو رۆژە بەهەواڵنێرانی گوت: کە موەکلەکەی لە پێوەند بە بەشداری کردن لە کۆبونەوەی جۆزەردانی ساڵی رابردوو بەتاوانی هەنگاونان لەدژی ئەمنیەتی میللی وەڵات بە٢ ساڵ زیندان مەحکوم بوە کەلەماوەی ٢ ساڵدا، ساڵ ونیوێکی هەڵپەسێردراوی وشەش مانگی تغریریە. بەشی شەشی دادگای شورشی رژێمی ئێران رۆژی چوارشەممە ٢٩ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، فەریبای داودی موهاجیر یەکێکی دیکە لە هەڵسوراوانی بواری مافی ژنانی بە چوارساڵ زیندانی کەسێ ساڵیان هەڵپەسێردراویە، مەحکوم کرد. محمد شەریفی، پارێزەری فەریبا داودی، تاوانی موەکلەکەی بە بەشداری کردنی ناوبراو لە کۆبونەوەی حەوتی جۆزەردانی ساڵی رابردوو ناوبردو بەهەواڵدری ایلنای گوت: کە بەپێی حوکمی راگەێندراو، خانمی داودی موهاجیر بەپێی بەڵگەی مادە ٦١٠ی قانونی موجازاتی ئیسلامی لە سەر کۆبونەوە بۆ شێواندنی وەڵات، بە چوارساڵ زیندان مەحکوم کراوە کەسێ ساڵ و٥ مانگی هەڵپەسێردراوە. پەروین ئەردەلان وئازادەی فەرقانی وسوسەن طهماسبی و فەریبا داودی و نوشین ئەحمدی کە هەڵسوراوی باری مافەکانی ژنانن تا ئێستا لەلایەن شوعبەی٦و١٥ی دادگای رژێم بە مەحکومیەتی ٢ تا٥ ساڵ و بە تاوانێکی هاوبەش کە بەشداری لە کۆبونەوەی نارەزایەتیدایە مەحکوم کراون. ئەو تێکۆشەرانە هاورێ لەگەڵ سەدان ژن رژانە سەر شەقام و لە بەرانبەر یاسای دژمن بە ژنی رژێمی ئاخوندی نارەزایەتیان دەربری. لە ماوەی ساڵی ١٣٨٥و سەرەتای ١٣٨٦دا دەیان کەس لە تێکۆشەرانی مافی ژنان یا گیراون یان کەوتونەتە ژێر لێ پرسینەوە و بانگهێشت کراون. چاودێرانی سیاسی وکۆمەڵایەتی، دەرکردنی حوکمی زیندان بۆ پەروین ئەردەلان و فەریبا داودی موهاجیرو ئازادە فەرقانی، نوشین ئەحمەدی لە ماوەی دوو حەوتوودا بە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە هێرشی رژێم بۆ سەرماف خوازان دەزانن، دەرکردنی حوکمی زیندان وسوکایەتی بە ژنان و تێکۆشەران بەدوای ئەوەدادێت کە غولام حوسێن ئێژەیی وەزیری اطلاعاتی رژێم لە ماوەیێکی کورت دا چەندجار رایگەیاند کە جولانەوەی ژنان ودانشجویان، دەسکردی دژمنانە و رژێمی ئاخوندی هەر کردەوەیێکی نارەزایەتی لەشێوەی نارەزایەتی ژنان و دانشجویان سەرکوت دەکا. محسنی ئێژەیی لە درێژەی قسەکانیدا ئەو جموجولە بەرینە چینەکانی کۆمەڵگای ئێرانی بە دژایەتی کابینەی احمدی نژاد زانی وگوتی: کەدەوڵەتیش وەڵامی توند لەو هەڵوێستانە دەداتەوە.

***

## گیرانی ٦ کەس لە شاری ماکۆ

لە چەند رۆژی رابردوودا، ٦ کەس بە ناوەکانی عەلی رەسوڵی، ئەحمەد محمەد پوور، عەلی میرزایی، قادر ئاخ خۆش، ئەمین مشمایی و قاسم سولتانی بە تۆمەتی هەڵسووڕانی سیاسی و پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی رژێمی ئاخوندیەوە گیراون.

هەواڵنێری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان رایگەیاند ئەو شەش کەسە لە ئاواییەکانی ناوچەی ماکۆ، وەك شوت، بۆلگەلدی، بازرگان و پۆڵدەشت، لەلایەن هێزەکانی ئەمنیەتی رژێمەوە گیراون و کەوتونە بەر ئازار و شکەنجە و دوای سێ رۆژ بەرەو زیندانی سەرەکی لە شاری ماکۆ بەرێ کراون.